علی خان

# وریاکردنەوەی موسڵمانان
# لە جەژنی
# جولەکە وگاورەکان

چاپی دووەم

١٤٣٤

**ناوی نامیلکە :** وریاکردنەوەی موسڵمانان لە جەژنی جولەکە وگاورەکان

**نوسینی** : عەلی خان

**تایپ** : ڕەزا صلاح الدين.

**ساڵی چاپ :** ١٤٣٤ کۆچی ٢٠١٣ لە دایك بوون .

**نۆرەی چاپ** : دووەم

**شوێنی چاپ** : چاپخانەی زانا – سلێمانی ، شەقامی مەولەوی .

---

## بنکەکانی بڵاوکردنەوە:

کتێبخانەی بەهەشت – سلێمانی – تەنیشت مزگەوتی بەهەشت .

کتێبخانەی الأثر – سلێمانی – نزیك مزگەوتی دارۆغا .

کتێبخانەی سیما – چەمچەماڵ – پشت بازاڕی دۆلارەکە .

سەنتەری کارزان چەمچەماڵ – پشت بازاڕی دۆلارەکە

کتێبخانەی صوهەیب – کۆیە .

کتێبخانەی پێشین – هەولێر .

تۆمارگای شافعی – هەولێر .

کتێبخانەی زانستی بەسوود – کەلار

کتێبخانەی کاروانی زانست – کفری .

---

**سەرپەرشتی چاپ** : **کتێبخانە و تۆمارگای بەهەشت**

**کەلار – شەقامی سەرەکی – نزیك فلکەی ناو بازاڕ**

**٠٧٧٠١٥١٧٣٧٨**

**www.ba8.org**

# پێشەكی

سوپاس بۆ خوا، سوپاس بۆ ئەو خوایەی دینەكەی بۆ كامڵ كردین، نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتین، بە ئیسلام بەهرەمەندی كردین، لە ڕێبازی بێ باوەڕان بەتایبەت جولەكە وگاورەكان بێداری كردین، كە وەك ئەوان نەكەین تا بە دەردی ئەوان نەچین.

أشهد أن لا إله إلا الله وحده لاشريك له وأشهد أن محمدا عبده ورسوله، أرسله الله بالدين القيّم، والملة الحنيفية، وجعله على شريعة من باتباعها، وأمره بأن يقول: (هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ) صلى الله عليه وعلى آله وصحبه وسلم تسليماً .أما بعد:

خوێنەری بەڕێز...

ئەم بابەتەی بەردەستت وتارێكی ڕۆژی هەینیە كە لە مزگەوتی قازی محمد لە شاری كەلار لەبەرواری ٢٥محرمی ساڵی ١٤٣٢ی كۆچی پیرۆزی پەیامبەر، بەرامبەر ٣١-١٢-٢٠١٠ز پێشكەشكراوە، ودوای فەزڵی خوا بوە مایەی ڕێنیشاندەری زۆرێك چ لە ناو وتارەكە چ لەوەو دواش كە بڵاودەكرایەوە، خوای مەزن بە هۆیەوە سودێكی باشی بەو گەنجانە گەیاند كە پێشتر باسی لەم جۆرەیان نەبیستبوو.

تەنانەت هەر لەو وتارەدا ئەوەندەی من لێی ئاگادار بم پانزە بۆ بیست وپێنج گەنج هەر لەو وتارەدا تەوبەیان لەم تاوانە کرد، وهذا فضل الله سبحانه وله الحمد في الأولى الآخرة، جا تا سودەکەی زیاتر بێت برای بەڕێزم کاك ڕەزا صلاح الدين جزاه الله خيرا، هەستا داخلی کۆمبیوتەری کرد ونوسیەوە، ئێمەش دەستکاریمان کرد وئەوەمان لێگۆڕی کە پێویستی دەکرد، تا ئەمەی بەردەستی لێدەرچوو.

داواکارم لەخوای گەورە ئیخلاصمان پێ ببەخشێ لە کردار وگوفتارمان، سودمان پێ بگەیەنێت بەوەی فێرمان دەکات، ئەوەشمان فێر بکات کە سودمان پێ دەگەیەنێت.

علی خان

مزگەوتی قازی محمد - کەلار

## بۆ نوسینی ئەم بابەتە؟

ئەوانەی پاڵنەر وهۆكار بوون بۆ نوسینی ئەم بابەتە:

- تەشەنەكردنی ئاهەنگگێڕان بو بـەم جەژنـەوە لـە نێـو وڵاتـی موسڵمانان بە گشتی وخودی موسڵمانان بە تایبەتی.

- بایەخدان بەو جەژنە لەلایەن زۆرێكی موسڵمانانەوە كە خەریكە وەكو دوو جەژنە شەرعیەكەی لێـدێت، ئەگـەر وای لـێ نـەهاتبێت، بەڵكو لەو دوو جەژنەش زیاتری نەكردبێت.

- گەورەیی تاوانی ئاهەنگ وخۆشـی كـردن وبەشـداریكردن لـەم جۆرە جەژنانە.

- بێ ئاگایی زۆرێكی موسڵمانان لە هەقیقەتی هزر وفیكری گاور وجولەكەكان: دەرهەق بەخوا، دەرهەق بەخۆیان، دەرهەق بە سەرجەمی خەڵك بە گشتی، وموسڵمانان بە تایبەتی.

- ڕونكردنـــەوەی ڕای شـــەرع لـــەم بارەیـــەوە. ووریاكردنـــەوە وئاگاداركردنەوەی موسڵمانان لەم جەژنانە، چونكە ئەم ئاهەنگێڕانەی موسڵمانان بە جەژنەكانی ئەوانەوە: یان بەهۆی نەزانینی ڕای شەرعە لەسەر ئەو جەژنانە، یان بەهۆی كەمتەرخەمیانە، جا ئەم بابەتـە بـۆ فێركردنی نەزانەكان و وریاكردنەوەی كەمتەرخەمەكانە.

## وریاکردنەوەی موسڵمانان لە جەژنی جولەکە و گاورەکان

بۆیە بە پشتیوانی وتەوفیق ویارمەتی خوا سبحانە، باسی سەری ساڵی زاینی دەکەین، وحوکمی ئاهەنگێڕان وبەشداری کردن وخۆشی کردن وپیرۆزبایی کردن بەو یادەوە، بابەتەکەشمان لەم ژێر ئەم ناونیشانە دەبێت: «**وریاکردنەوەی موسڵمانان لە ئاهەنگگێڕان بە جەژنی بێ باوەڕ وجولەکە وگاورەکان**»، بەڵام تکام وایە بە وردی بیخوێنەوە وسودی لێ ببینە، خۆ ئەگەر سودت لێبنی، ئەوا هەرگیز کەمتەرخەمی مەکە لە دوعای خێر بۆ کەسێك سودت پێدەگەیەنێت، وپاشان هەڵەیەکت بینی داپۆشە وبە دیاری بیبەخشە بە نوسەرەکەی بێگومان -إن شا الله- بەو دیاریەت خۆشحاڵ دەبێت. پێشینانیشمان فەرمویانە «ئیماندار سترت دەکا وئامۆژگاریت دەکا، بەڵام مونافیق وفاجیر وخراپەکار ئابڕوت دەبا وعەیبدارت دەکات»[1].

---

[1] بڕوانە جامع العلوم والحكم حەدیسی حەوتەم.

## دەستپێك

خوێنەرە بەڕێزەکان...

چـیرۆکێکم خوێنـدەوە سـەرم لێـی سـوڕما، منـیش بۆتـانی دادەڕێژمەوە ودەیگێڕمەوە، جا نازانم ئێوەش سەرتان سوڕ نامێنێت؟

«کۆمەڵە برادەرێك دانیشتوون ویەکێکیان ئەڵێ: ڕۆژێـك ئەبێتـە گەنجێکی تەمەن ٢٥ ساڵ، ئەم گەنجە خەڵکی ئەمریکایە ودانیشـتوی واشـینطتۆنە وناوی دەیڤید میخائیلە، خاوەنی دوو سـێ منداڵێکـە، کەمانگی زیلحیجە نزیك دەبێتەوە دڵی زۆر خۆش دەبێـت! لەگـەڵ منداڵ وخێزانەکەیدا هەمیشە تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن وبزانن کەی جـەژنی موسـڵمانانە! دوای چـاوەڕوانی بۆیـان دەدەکـەوێ کـە ڕۆژی جومعە جەژنی قوربانی موسولْمانانە، بە خێرایـی! دەڕوا بـۆ بـازاڕی واشینتۆن بە خاوخێزانەوە، جل وبەرگی جوان بـۆ مـاڵ ومنداڵەکـەی دەکڕێت! جلێکی جوانی جەژنانەش بۆ خێزانەکەی دەکڕێت! لەبیریشی ناچێت هەندێك گلۆپی جوانی بۆنەکان بکڕێت تـا بـۆ جـەژن ماڵیـان ڕازاوە بێت! هەروەها دەڕوا ئاژەڵێکیش دەکڕێت! بە پارەیەکی زۆر! - چونکە جەژنی قوربان ئاژەڵ سەربڕینی تێدایە- کە جـەژن دێـت مـاڵ

ودوكان وبازاڕەكانیش هـەموی بـە گڵـۆپ ڕازێنراوەتـەوە وپاركـەكان ڕەنگ وبۆنیان جیاوازە و وەك پێش جەژن نیە.

لەسەر سوننەتی پەیامبەر ﷺ ئاژەڵەكـە سـەر دەبـڕێ! پاشـان دەیكات بە سێ بەشەوە! بەشـێكی هەڵـدەگرێ، وبەشـێكی دەخـۆن، وبەشێكیشی دەداتە فەقیران وهەژاران ونەداران».

- برادەرەكانی لێی توڕە دەبن وئەڵێن ئـەوە تـۆ باسـی دەكـەیت كافرە یان موسڵمانە؟!

ئەویش دەڵێ: بۆ سەیرتان لێدێت چەند ڕۆژێكی تر ئەوەی دەیڤید میخائیل بۆ چەژنی موسڵمانان كردی، دەبینن موسڵمانان لە جـەژنی ئەواندا دەیكەن؟! بەڵكو نازانێـت لـە خۆشـیدا چـی بكـات؟! كـام جلوبەرگە لەبەر بگات؟! كام دیاریە بكڕێ بۆ هاوڕێكانی؟! چ شیرینەك دابەش بكات؟! نامە بۆ چەند كەس بنێرێ؟! لەمە بۆ سەیرتان نایە؟!

سـەرنجێكی نـاوی دەیڤیـد ومیخـائیلیش بـدەن، دەیڤیـد داودە، ومیشێل میكائیلە، وجۆزیفیش یوسـوفە، هەفـە حەوایـە وهتـد..، هەموتان ئەو جۆرە ناوانەتان بیستوە كە گەلانی بێ باوەڕ لە خۆیـانی دەنێن؟! كە ئـەو ناوانـە وەكـو داود ومیكائیـل ویوسـف وئیـبراهیم ویعقوب وئیسماعیلەكانی خۆمان وایە، جا بۆ من وتۆ عـەیبـە نـاوی

بنــێین داود ومیکائیــل ویوســف وئیــبراهیم ویعقــوب وئیســماعیل وعەبدوڵڵا وعەبـدوڕڕەحمان وئەحمــەد وموحەممــەد وخەدیجـە وفاتیمـە وعـائیشە، بەڵام بۆ ئەوان بەئاسایی دەزانێ ناوی خۆیـان بنــێن داود، میکایــل، یوســف..، ئــەوان نــاو دەنــێن بــە نــاوی مەلائیکەتــەکان وپەیامبەران وپیاو چاکانی خۆیانەوە وئاساییە، بەڵام ئێمە ئەوە بکەین ئەوا لە نەتــەوەی خۆمــان هەڵگەڕاوینەتــەوە وتوشــی عەیبــە دەبــین ودواکەوتو دەبین بە هۆیەوە؟! بە تایبەتی لــە هەنــدێ شــار وهەنـدێ شوێندا ئەوسا توشی عەیبە هاتووی منداڵەکەت ناو بنێیـت عبـدالله یان عبدالرحمن و.. هتتد؟!!!

# ئەم چاولێكەریە بۆ؟

ئیبن خەلدون لە مقدمەكەی خۆیدا دەڵێ هەمیشە خەڵكانی ژێر دەستەن، چاولێكەری خەڵكانی باڵا دەستدەكەن، هەمیشە خەڵكانی لاوازن چاولێكەری خەڵكانی بەهێز دەكەن، ئاكاریان ڕەنگی ئاكاری ئەوان دەگرێت، عورف وعادات وتەقالیدی دەسەلاتە زاڵەكە جێبەجێ دەكەن.

وەكو حاڵی ئەمڕۆی ئوممەتی ئیسلام، بەهۆی زاڵی ولاتانی ڕۆژئاوا وئەمریكا ویەهودیەت ونەصرانیەتەوە بەسەر وولاتانی موسوڵماندا دەبینی خەریكی چاولێكەری كوێرانەی ئەوانن، ئەمەش سوننەتێكی ئاسایی ژیانە وخوا وای بۆ داناوە: ئەوەی زاڵ وبالادەست بێت عورف وعادەتی ئەو جێ بەجێ دەكرێت، تەقلیدی ئەو باوە وئاودەخواتەوە، ئەمیش ئیشی بۆكراوە وبە ئان وساتێك وای لێنەهاتوە..

لەوانە جیهانگیری، ئەمەش وەك لە ناوەكەیەوە دیارە، ئەبێت دابونەریتی ئەوان جیهان بگرێتەوە، تا وای لێبێت هەر ڕۆژئاوایی نەبێت جلوبەرگەكەی قات وبۆینباخ بێت، بەڵكو ئەبێ جیهان هەموی وەك ئەوە لەبەر بكات وەك دەیبینن، من نمونەیەكم هێنایەوە وتۆش دەتوانیت بیكەی بەسەد.

# دینی ئیسلام سەربەخۆیە، کامڵە، گشتگیرە

دینی ئیسلام شەریعەتێکی سەربەخۆیە، کامڵە، گشتگیرە، بێ پێویستە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك قبوڵناکات تاکەکانی ببنە ژێر دەستە وشوێنکەوتە وچاولێکەری جگە لە ئیسلام، پەرستشی یەکێك بکەن غەیرە الله، مامۆستایەکی تریان هەبێت جگە پەیامبەر موحەممەد صلی الله علیه وسلم، بەرنامەی ژیانیان وەرگرن لە جگە لە ئیسلام.

یەك خوایان هەیە ئەویش الله یە.

یەك پەیامبەریان هەیە ئەویش موحەممەدە

یەك ئاینیان هەیە ئەویش ئیسلامە.

بەڵێ، بەڕاستی ئەمڕۆ شوێنی هەنگاو وپێکانی ڕۆژئاواییەکان ویەهود ونەصرانیەکان کەوتوین، کەچی لە ڕۆژگارێکدا ئەوان شوێنی موسوڵمانان دەکەوتن:

ئەمڕۆ بینیوتانە کەسێك قات وبۆینباخ لەبەر بکات پێ ی دەڵێن: ئەفەندی وڕۆشنبیر!؟ ئەمە بووە بە ڕەمزی سەقافەت.

بەڕێزەکانم... ڕۆژگارێك لە ئەوروپا ئەوەی بیویستایە پێی بڵێن ڕۆشنبیر، جوبەی لەبەر دەکرد، عەمامەی لەسەر دەکرد، دوگمە «قۆپچە»ی قەد کراسەکەی گەورە دەکرد، بۆ ئەوەی وەك جوبە دەرکەوێ، چونکە جوبە دوگمەکەی گەورە بوو!!

## پەخشانەکەی م.هەژاری موکریانی لەم بارەوە

هەژاری موکریانی -غفر الله له وعامله بلطفه- جوان دەفەرموێ:

«ڕۆژێ کە ئیسلام بوو، لە ناوی گەلاندا باوی بوو، زێڕی هەبوو، زۆری هەبوو، چی بگوتا هەر ئەوەبوو..، مامۆستاکان لە ڕۆژئاوا لە فێرگە، لە زانستگاکان، لە ناو کۆڕی کەیخودایان، کاریان لاسایی موسڵمان بوو، دابی ئەوانیان پێ جوان بوو، کەوای شوڕیان دەبەر دەکرد، عەمامەیان لەسەر دەکرد.. دەست ڕەنگینانی خاچ پەرست کە دەستکریکیان ڕێکدەخست، فێڵیان دەکرد مۆری الله یان لێدەدا، ڕەنگی ئیسلامیان پێدەدا، تا وا بزانن ئەو کارانە هی وڵاتی موسڵمانە، کاری شام وبوخارایە، کرگاری[٢] بەلْخ وبەغدایە، ئەستەنبولە، توسە، ڕەیە، کاری وەستای غەرنادەیە، تەنانەت خاچی گەردنبەند ناوی الله یەکیان لێ هەڵدەکەند..))[٣].

هەر خۆی -خوا لێی خۆش بێت- حاڵی ئەمڕۆشمان وەسف دەکات وئەڵێت:

---

[٢] کرگار واتە: پیشەو صنعت.

[٣] یەك لە پەنای خاڵ وسیفری بێ بڕانەوەی هەژاری موکریانی ل٧-٨.

((ئێستا.. قەرزی كۆنە دەدەینەوە، لە چیژنەدا كڵاوی لەنگەری سەر، جبەی قۆڵ فش و فۆڵ دەبەر[٤]، ئەدای ڕۆژئاوا دەردێنن، ئوروپاییانە دەنوێنن، ئەوا ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتی باركەوتو، لەناو گوێچكەی گادا خەوتو، مێیدی ئین[٥] لە دەستكاریان دەدەن..))[٥].

بەڵێ: ڕۆژگارێك ئەوان موعجیبی ئێمە بوون، بەڵام بەداخەوە!

ڕۆژگارێك ئەوان عەشایەر وئێمە ڕۆشنبیر، بەڵام بەداخەوە!

لە مێژوودا هاتووە دەڵێ: ((شاژنی عوسمانیەكان دەستەسڕێك بە دیاری دەداتە شاژنی فەرەنسا، شاژنی فەرەنسا لە دڵی نایە لوتی پێ بسڕێت)).

لە مێژوودا هاتووە -لەسەرچاوەكانی خۆیاندا-: ((عەباسیەكان سەعەتێكیان لەگەڵ كۆمەڵێك شتدا ناردووە بۆ یەكێك لە پادشاكانی

---

[٤] فۆل: واتە فش.

[٥] واتە: ((made in..)) ئێمەش بمانەوێ ڕەواج بە شتێك بدەین مەید ئینی ئەوانی لێدەدەین.

[٥] یەك لە پەنای خاڵ وسیفری بێ بڕانەوەی هەژاری موكریانی ل٨.

ڕۆژئاوا، ئەڵێ: لێی ترساون و ویستویانە فڕێی بدەن! تا سەفیرەکە ووتویەتی ئەمە سەعاتە!؟» [٥].

بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ هاوکێشەکە پێچەوانە بۆتەوە.

کە بوترایە: ئەمە هی وڵاتی ئیسلامە ئەوە باوی بوو ونرخی گران بوو، ئێستا بڵێ هی ئەوروپایە، ئەوسا باوی زۆرە، نرخەکەی گرانە، ئەگەر خانویەك جوان بێت وکۆمەڵێك مواصەفاتی گرنگی تێدا بێت ئەوسا پێی دەڵێن خانوی غەربی، إنا لله وإنا إليه راجعون.

## موسڵمانان شوێنی جولەکە وگاورەکان دەکەون

ئەمەش میصداقی فەرمایشتی پەیامبەری خوایە صلی الله علیه وسلم، وەکو لە صەحیحەینی بوخاری ومسلمدا هاتووە، لە حەدیسەکەی ئەبو هورەیرە وئەبو سەعیدی خودری وسەهلی کوڕی سەعد وغەیرە ئەویش، کەوا پەیامبەری خوا ﷺ «بِعُنَّ سَنَنَ مَنْ
بْرٍ، وَذِرَاعًا بِذِرَاعٍ، حَتَّى لَوْ دَخَلُوا جُحْرَ ضَبٍّ

---

(٥) محمد خزری بەگ، لە مێژوەکەی خۆیدا باسی ئەمە دەکات ودەڵێ لە سەرچاوەکانی ئەواندا شتی وا هاتوە، لە سەرچاوەکانی خۆماندا شتی وام نەبینیوە..

لَدَخَلْتُموه﴾ واتە: «سوێند بێ، شوێن پێی ئەوانەی پێش خۆتان هەڵدەگرن، شوێنی ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون، باڵ بە باڵ، بست بە بست، یانی ئەوەندە بە وردی شوێنیان دەکەون، ئەوان هەرچی بکەن ئێوەش دەیکەن، تەنانەت ئەگەر بڕۆنە نێو هێلانەی بزن مژەکەوە، -یان مارمێلکە- ئێوەش دەڕۆنە نێویەوە، وتیان: ئەی پەیامبەری خوا مەبەستت جولەکە وگاورەکانە، لە ڕیوایەتێکی تردا: مەبەستت فارس وڕۆمەکانە، فەرموی: ئەی کێ جگە لەوان؟»

بۆ خۆشەویستمان ﷺ نمونەی بزن مژەك دەهێنێتەوە؟

موناوی لە فیض القدیر دا ئەڵێ: بۆیە نموونەی بزن مژەك دەهێنێتەوە، لەبەر ئەوەی هێلانەکەی زۆر تەسك وناڕەحەتە، یانی: ئەگەر ئیشی نابەجێ وخراپ ولار ولێریش بکەن، ئێوە هەر شوێنیان دەکەون.

بە ڕاستخەرەوەی ئەم قسەیەش، ئەو ڕیوایەتە کە دەفەرموێ: ئەگەر تیایاندا هەبێ بە ئاشکرا بڕواتە لای دایکی خۆی، لە ئومەتما ئەبێ بە ئاشکرا دەڕواتە لای دایکی خۆی. صدق رسول الله صلی الله علیة وسلم.

بینیتان چۆن ئەگەر بڕۆنە نێو کونی بزەن مژەکیشەوە هەیــە لــەم ئومەتە ئەوە دەکات؟

تەماشا دەکەیت بێکارە، بێــزارە، ڕوی تەڵــەکانی قــژی دەکاتــە ئاسمان، سبەینیَ لێرە دەبێتە مۆدێل!

پانتۆڵەکەی لەئەژنۆوە دەدڕێنێت! ئــەوەی لای ئێمــەش ســبەینیَ دەیدڕیَ ودەیکات بە مۆدێل! تۆ تەماشای ئەم دواکەوتوییە!!

## بۆ نائاساییە بڵێی: نابیَ ئاهەنگ بگێڕێت؟

## لەبەر: کە تاوان زۆر بوو ئاسایی دەبێتەوە

بەڵیَ خۆشەویستەکان...

چەندێك باوە داب ونەریتیان، چــەندێك زۆرن ئەوانــەی شــوێنیان دەکەون لە چاك ولە خراپەکانیان؟

زۆر زۆرن!

ئەم زۆریەش وای کــردوە ســەیرمان لیَــدیَ کــە دەگــوتریَ نابێــت بەشداری ئاهــەنگ وخۆشــی ســەری ســاڵ بکرێــت، چــونکە زۆرینــە دەیکەن.

جا تاوان سیفەتێکی هەیە کە زۆر بوو، وتەشەنەی کرد، ئاســایی دەبێت چ لەلای تاکەکان چ لەلای کۆمەڵگاکان.

چەند تاوان هەبوو كاتێك یەكەمجار ئەنجامتدا یەك ڕۆژ تـا ئێـوارە لەبەر ئەو تاوانە گریایت وپەشیمانیت كێشا، بەڵكو هەتا یەك هەفتە، بەڵكو هـەتا مانگێـك، كـە دوای ئـەوە تاوانەكـەت ئـەنجام دایـەوە ئەمجارەیان كەمتر، بۆ سێیەم جار لە پێشتر كەمتر تا وای لێهات ئێستا شتێكی ئاساییە، وانیە!؟

لەناو كۆمەڵگاش بە هەمان شێوە: تۆ تەماشای جلوبەرگ وڕوت بونەوەی ئافرەتان بكە، تەماشای تێكەڵاوی نێوان ژنان وپیاوان وكوڕان وكچان بكە، ئەوسا ئەم شتانە بە دەگمەن، یان كەم، یان نەبوبوون بـە دیاردە. بەڵام ئەمڕۆ بۆنمونە لە قوتابخانـە وخوێنـدنگاكان تێكـەڵاوی هەیە كەچی زۆرێك هەر نازانن ئەوە حەرامە، كە بە كـۆڕای ئومـەتی ئیسلام وزانایان وموسڵمانان حەرامە.

كە ئەمــەتان زانـی وزانیشـتان پەیامبـەر دەفـەرموێ: ئەوەنـدە شوێنیان دەكەون، تەنانەت ئەگەر بە ئاشكرا لەگەڵ دایكـی خۆیانـدا زینا بكەن، ئێوەش ئەوە دەیكەن.

ئیتر سەیرتان لێ نەیەت، وبەتوند ڕەویشی مەزانن كەسێك بڵێـت نابێ بەشداری بكـرێ لـە جـەژن وئاهـەنگ وبۆنـە تایبەتەكانیانـدا. چونكە:

## لە ئاخر زەماندا ئیسلام نامۆ دەبێت

بە تایبەت ئێمە لە ئاخیر زەماندایین ولە ئـاخیر زەمانیشـدا ئـەو دینە ئازیزە غەریب دەبێت؟!

دروشمەکانی ئیسلام بەرە بەرە نامێنن، تەنانـەت پەیامبـەر ﷺ دەفەرموێ: «وای لێدێ لەناو مزگەوتدا خاشعێك نـامێنێ، تەنانـەت وای لێدێ، خەڵك نازانن بەس دەڵێن باب وباپیرانمان گوێ لێبووە لا إله إلا الله یەکیان ووتوە». تەنانەت لە صەحیحی مسلمدا پەیامبەر ﷺ لاَ تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى لاَ يُقَالَ فِي الأَرْضِ اللهُ اللهُ»، واتـە: «قیامەت هەڵناسێ هەتاوەکو لەسەر زەوی ناوترێ: الله الله!».

ناوی الله نامێنێ، بۆیە سەیرتان لێ نەیەت، وناو وناتۆرەی ناهەق لەیەکتر نەنێین.

ئەی بۆ هەندێك دەیکەن وبە دروستیشی دەزانن؟ کێیە وا خـەڵك چەواشە دەکات؟

## سەرە نەزانەکان خەڵك چەواشە دەکەن

سـەرە نەزانـەکان خـەڵك چەواشـە دەکـەن، بـە تایبـەتی زانـا ومامۆستا وبانگخوازی خۆ فرۆش ودین فرۆش وهەوا دۆست، پیـاوی کورسی وپیاوی دەسەڵات، دەوریان هەیە لە فریودانی خەڵك.

جگە لەو هۆکارانەی پێشو باسمان کرد کە بۆ سەیرە بگوترێ سەریساڵ حەرامە؟

هۆکارێکی تر: سەری نەزانە، کە فەتوا دەدەن بەبێ زانست، بەوهۆیەوە خەڵك بەرەو لارێ وهەڵدێر دەبەن، بەناو زانا، بە ناو مامۆستا، بەناو پێشەوا، فەتوا بۆ خەڵك دەدەن وخۆیشیان پیرۆزباییان لێدەکەن، ئا ئەمانەن سەری نەزان کە پەیامبەری خوا صلی الله علیه وسلم هۆشیاری کردوینەتەوە لێیان، وەکو لە صحیحی بوخاری ومسلمدا هاتووە، پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعًا يَنْتَزِعُهُ مِنَ النَّاسِ وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِمًا اتَّخَذَ النَّاسُ رُؤُوسًا جُهَّالًا، فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ، فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا﴾.

واتە: «خوا سبحانە زانست ناباتەوە بەوەی هەڵی بکێشێ ولەناو خەڵکدا هەڵبگرێت، بەڵکو زانست دەباتەوە بە ڕوح کێشنانی زانایان، هەتا ئەوەندەی زانایەك نەما، ئەوسا **خەڵك کۆمەڵێك سەری نەزان بۆ خۆیان دادەنێن**، پرسیاریان لێدەکرێ وەڵام دەدەنەوە هەم خۆیان گومڕا دەکەن وهەم خەڵکیش گومڕا دەکەن».

بەڵێ، ڕۆژگارێك دێت زاناكان نـامێنن لـەناو خەڵكـدا، خـەڵكی كۆمەلێك جاهیل وسەری نەزان دادەنێن وپرسیاریان لێدەكـەن، فـەتوا لەوان وەردەگرن، هەربۆیە لەبەر ئەوەی فەتواكانیان لە زانستەوە نیـە، لە سەرچاوەكانی شەریعەتەوە وەریـان نـەگرتووە، بـەهۆی مەصـالحی لایەنی خۆیانەوە دەریكردوە، بۆیـە خـۆی گومڕادەكـات وخـەڵكیش گومڕا دەكات -پەنا بەخوا-.

## جەژنی سەری ساڵ جەژنێکی ئاینیە

بەڵێ خۆشەویستەكان، بەڕێزەكان.. جەژن بە كۆدەنگی سـەرجەم شارەزا وعاقڵەكان پەیوەستە بە ڕێباز وشەریعەتی ئاینەكانەوە، هـیچ جـەژنێك شـتێكی بێهـۆدە نیـە، مەگـەر پەیوەسـتیەكی هەیـە بـە ئاینێكەوە، بەتایبەتی ئەو جەژنانەی كە سەر بـە ئـاینێكن، مەگـەر پەیوەستی هەیە بە شەریعەت وبە ڕێباز وبە تەریقەتی ئەو ئاینەوە.

جا یەكێك لەو جەژنانەی كە لەم كتێبە مەبەسـتمانە[٥]، جـەژنی سەری ساڵی زایینیە، كە پەیوەستە بـە عـەقیـدە وبـە مەنهـەج وبـە فیكری گاورەكانەوە.

---

[٥] بەڵكو بۆ هەندێك جەژنی تریش لە هەندێك ڕووەوە دەشێت وەك نەورۆز.

بۆیەش وا دەڵێم با كەس نەڵێ ئەم ئاینە پەیوەندی نیە بە ئـاینی مەسیحەوە!

من پرسیارێك دەكەم: ئەگەر پەیوەندی نیە بە ئاینی مەسیحیەوە، كەواتە جەژنێكی قەومیە، ئەگەر جەژنێكی قەومیە، تۆ بۆ ئاهـەنگ بە جەژنی نەتەوەیەكی ترەوە دەگێڕی؟! مەگەر تـۆش قـەومی خـۆت نیە، ومیللەتی خۆت نیە؟! وجەژنی خۆتت نیە؟!

دوو كەس گومانیان لەوەدا نیە كە ئاینیە:

تەنانەت لەسەری ساڵدا خواردن لەسـەر سـفرەیەكی دوور ودرێـژ دادەنێن دەستی بۆ ڕاناكێشن تا نزیكەی یەك كاتژمێرێك.

بۆ؟ بۆ ئەوەی یسوع بێ بەرەكەتداری بكات!

یەسوع كێیە؟ واتە عیسا، عیسا لای ئەوان یانی پەروەردگار.

## بیروباوەڕی ئەو گاورانەی لاساییان دەكەینەوە:

خوێنەری بەڕێز..

دەزانـن ئێمـە بـە جـەژنی سـەری سـاڵ لاسـایی چ میللـەتێك دەكەینــەوە؟ لاســایی گاورەكــانی پێدەكەینــەوە، عەقیــدەیان چــۆنە گاورەكان؟

عیسا بە خـوا دەزانــن، هەنـدێکیان دەڵـێن: نـا کـوڕی خوایــە، هەندێکیان دەڵێن: ثالث ثلاثـة، سێیەمی سێ خواکە، باوك ومەریــەم وعیسا -پەنا بەخوا لەم کوفرە گەورانە-.

خوا سبحانە وتعالی لە بارەیانەوە دەفەرموێ: ﴿وَقَالَتِ النَّصَارَى الْمَسِيحُ ابْنُ اللَّهِ﴾ واتە: «نەصرانیەکان ئەڵێن عیسا کوڕی خوایە».

هەروەها دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ﴾، واتە: «سوێند بەخوا کوفریان کرد ئەوانەی وتیان: خوا عیسای مەسیحی کوڕی مەریەمە».

هەروەها دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا إِلَٰهٌ وَاحِدٌ وَإِنْ لَمْ يَنْتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ واتە: «سوێند بەخوا کوفریان کرد بەخوا ئەوانەی وتیــان خوا: «ثالث ثلاثة»یە، سێیەمی سێ خواکەیە، خوا ومەریەم وعیسا».

تەنانەت عیسا لـە قیامــەت لەســەر ئــەم بیروباوەڕەیـان تەبــەڕا وحاشـایان لێـدەکات، وەك پــەروەردگاری مــەزن بۆمــان دەگێڕێتــەوە ودەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي

بِحَقٍّ إِن كُنتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ
أَنتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ * مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي
وَرَبَّكُمْ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ الرَّقِيبَ
عَلَيْهِمْ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ
فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴾

واتە: «باسی ئەو کاتەیان بۆ بکە کە خوا بە عیسای کوڕی مەریەم ئەڵێ: ئایا تۆ بەخەڵکت وتوە من ودایکم بکەن بە پەرستراو وبمان پەرستن، وتی: خوایە پاکی بۆتۆ لە هەمو کەم وکورتیەك، من بۆم شیاو نیە وبۆشم نیە شتی ئاوها بەرامبەر بە تۆ بڵێم، خۆ ئەگەر شتی واشم وتبێ ئەوە تۆ دەیزانیت ولێت شاراوە نیە، تۆ دەزانی چی لە دەرونی مندایە، بەڵام من نازانم چی لە نەفسی تۆدایە، تۆ زۆر شارەزا وزانای بە نهێنی وشاردراوەکان، لەوە زیاترم نەوتوە کە تۆ فەرمانت پێکردوم بیڵێم، کە الله ی هەق بپەرستن کە پەرستراو بەدیهێنەری من وئێوەشە...».

لاسایی کەسانێك دەکەیتەوە کە عیسا بە کوڕی خوا دەزانن؟!
پەنا بەخوا لەو کوفرە گەورە.

ئەو کوفرەی کە: ﴿تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا * أَن دَعَوْا لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدًا * وَمَا يَنبَغِي لِلرَّحْمَٰنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا * إِن كُلُّ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِلَّا آتِي الرَّحْمَٰنِ عَبْدًا﴾، واتە: ((ئەڵێن خوای تعالی منداڵی هەبووە، -الله أكبر لەو ووشە گەورەیە- قسەیەکی زۆر گەورەتان کرد، بڕیارێکی زۆر گەورەتاندا، زوڵمێکی زۆر مەزنتان کرد، وەختە ئاسمانەکان دەتەقێتەوە، زەوی شەق دەبات، شاخەکان لەت وپەت دەبن لەسەر ئەو قسە نەشیاو وناشیرینە)).

ئاهەنگ دەگێڕن لەگەڵ ئەوانەی ئەلێن عیسا کوڕی خوایە؟

بەڵکو خۆیان خیلافیان هەیە، هەندێکیان دەڵێن خوایە، هەندێکیان دەڵێن کوڕی خوایە، هەندێکیان دەڵێن سێ یەمی سیانەکەیە. ئەمانەش شیرکن، گەورەترین تاوانیش لە دینەکەی تۆی موسڵماندا شیرکدانانە بۆ خواز

ئەی بۆ ئەوان ئاهەنگ ناگێڕن بە بۆنەی یادی لەدایك بوونی پەیامبەر صلی الله علیه وسلم، وبە یادی هیجرەتەوە -کە قبوڵمان نیە- بۆ؟

## پێتان سەیر نیە؟

توخخوا پێتان سەیر نیە.. ڕاهیبێك یان قەشەیەك لە ئەوروپا بڕوا دابنیشێت وخوتبە بۆ ئەو خەڵکە بڵێتەوە... بڵێ: ئەی خەڵکینە یادی لەدایك بوونی پەیامبەر بکەنەوە، یادی سەری ساڵی هیجری بکەنەوە!!! دەزانن ئێمەش هەروا دەکەین.

## ڕۆژی لە دایك بونی عیسا بە ڕونی دیار نیە! [٦]

---

[٦] من کە ئێستا بۆ چاپی دووەم پێداچونەوە بەم نامیلکەیە دەکەم، وبەرواری ١٢-١٢-٢٠١٢، هەواڵێکم بەرچاو کەوت لە مفکرە الإسلام، کە لە ڕۆژنامەی تەلەگرافی بریتانیەوە گواستویەتیەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

«ذكرت صحيفة تليجراف البريطانية، أن «بنديكيت السادس عشر» بابا الفاتيكان، كشف فى كتاب جديد له أن المسيح قد ولد قبل سنوات من التاريخ المعتقد لميلاده، وهو ما يعنى أن التقويم المسيحى يستند إلى حسابات خاطئة.

ووفق الصحيفة فإن زعيم الفاتيكان أشار فى كتابه الذى نشر الأربعاء الماضى، وجاء تحت عنوان «يسوع الناصرى: روايات الطفولة»، إن الخطأ ارتكبه راهب يعرف باسم ديونسيوس أى دينيس الصغير فى القرن السادس. وقالت التليجراف إن الكتاب الذى بدأ بيعه فى جميع أنحاء العالم وشملت الطبعة الأولى منه مليون نسخة، إلى القول بأن حساب بداية التقويم المسيحي

گاورەکان خۆیان خیلافیان هەیە لە نێواندا کە چ ساڵێك لـەدایك بووە، چ جای ڕۆژ ومانگەکەی، زۆربەی گاورەکـان دەڵـێن دەکەوێتـە

---

المستند إلى ميلاد المسيح قد قام به الراهب ديونسيوس، الذى ارتكب خطـأ فى الحساب يقدر بعدة سنوات، فكان التـاريخ الفعـلى لمـيلاد المسـيح قبلـه بعـدة سنوات.

وأضافت: «الكتاب تضمن التأكيد على أن التقويم المسـيحى اسـتند عـلى فرضية خاطئة ليس جديداً، فالعديد من المؤرخين يعتقدون أن المسيح قد ولـد بين العامين السابع والثانى قبل الميلاد، إلا أن حقيقة أن تثـار الشـكوك حـول أحد أهم التقاليد المسيحية من جانب زعيم أكثر مليار مسيحى ملفتـة للنظـر. حول نفس الموضوع، قالت شبكة «CNN» سى إن إن الإخبارية الأمريكيـة: «بحسب الأبحاث التى قام بها البابا، فإن روايات الإنجيل لا تـوفر أدلـة عـلى وجود حيوانـات حـول مهـد المسـيح، كـما يظهـر فى العديـد مـن الأيقونـات والصور، كما يشكك فى مصداقية اللوحات التـى تُظهـر غنـاء الملائكـة سـاعة الولادة، وقال أليساندرو سبيسيالى: «البابا يرغب من خلال الكتاب فى تـوفير صورة أوضح للمسيح تُظهره بصفته شخصـية تاريخيـة عاشـت عـلى الأرض وخاطبــت النــاس كســائر الشخصــيات، والهــدف لــيس تصــحيح بعــض «الأساطير» المرافقة للقضية». الجمعة ٢٣ نوفمبر ٢٠١٢.

٢٥ی دیسەمبەرەوە واتە ٢٥ی مانگی ١٢[٦]. كەواتە ناكەوێتە سەری ساڵەوە كە ئەمەش سودێكی چاكە.

## بەڵگەكانی حەرامێتی ئاهەنگێڕان بەم بۆنەیەوە؟

بەڕێزەكان.. بۆ حەرامە ئاهەنگ بگێڕین بە یادی سەری ساڵەوە؟ هەڵبەت وەكو عەرزی خزمەتانمكرد، عەقڵ بەسە بۆ وەڵامدانەوەی، بیری لێبكەیتەوە بەسە، بەڵام لە ڕوی نەقڵیشەوە بە پێویستی دەزانم كۆمەڵێك ئایەت وحەدیس لەو بارەیەوە بهێنینەوە.

**یەكەم:** خوا سبحانە وتعالی باسی عباد الرحمن -بەندە چاكەكانی- خۆی دەكات، یەكێك لە سیفەتەكانیان كە باسی دەكات ئەوەیە: ﴿لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ﴾، واتە: «ئەوانەی كە ئامادەی جەژن وئاهەنگی كافرەكان نابن». ئەمەش تەفسیری موحەممەدی سیرینە وموجاهید وڕەبیعی كوڕی ئەنەس وعیكریمە وزەححاك وعەمری كوڕی

---

[٦] لەم كاتەی من ئەم نوسراوە پاكنوس دەكەم كە بەرواری ٢٠١١/١٢/٢٥ یە كەناڵە كوردیەكان بە ڕاستەوخۆیی ئاهەنگی لە دایكبونی مەسیحیان لە كەنیسەكەكانەوە گواستەوە بە ڕاستەوخۆیی، كە واتای ئەوە دەگەیەنێت ١٢/٢٥/ لە دایك بووە بە ڕای ئەمان.

موورڕەیە، هەموویان وتویانە : «مەبەست لەو ئایەتە ئامادە نەبوونە لە جەژنی كافراندا».

ئەوەش وەسفی بەندە چاكەكانی خودایە سبحانە.

## بەڵگەی دووەم

دووەم: لە سونەنی ئەبوداود دا بە سەنەدێكی صەحیح هاتوە لــە ئەنەسەوە، ئەڵێ: ﴿قَدِمَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم الْمَدِينَةَ وَلَهُمْ يَوْمَانِ يَلْعَبُونَ فِيهِمَا فَقَالَ: مَا هَذَانِ الْيَوْمَانِ؟ قَالُوا: كُنَّا نَلْعَبُ فِيهِمَا فِي الْجَاهِلِيَّةِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم: إِنَّ اللَّهَ قَدْ أَبْدَلَكُمْ بِهِمَا خَيْرًا مِنْهُمَا يَوْمَ الأَضْحَى وَيَوْمَ الْفِطْرِ﴾.

كاتێك پەیامبەری خوا ﷺ تەشریفی دەگاتە مەدینــە، تەماشـا دەكات خەڵكی مەدینە دوو ڕۆژیان هەیە یاری وخۆشی تێدا دەكـەن، لە ڕیوایاتی تردا ئەڵێ: ئەو دوو ڕۆژە جـەژنی میهرەجـان[٧] وجـەژنی

[٧] میهرەجان ووشەیەكی فارسیە، میهـر: یـانی وەفـا، جـان: یـانی سـوڵتان ودەسەلاّت، واتە: ڕۆژی وەفا بۆ دەسەلاّتدار یـان نزیـك لـەو مانایـە، جـا زۆرێـك ئێسـتا ئـەو دەسـتەواژەیە بـەكار دەهێـنن لـە بۆنەكانـدا نـاوی

نەورۆز بووە-، جا فەرمووی: ئەم دوو ڕۆژە چیە؟ ئەم موناسەبەتە چی یە؟ وتیان: ئەمە دوو ڕۆژە، هەر لە کۆن ونەفامیدا ئاهـەنگمان تێـدا گێڕاوە ویاریمان تێدا کردووە، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: بەڕاستی خوا سبحانە وتعالی ئەو دوو ڕۆژەی بـۆ گۆڕیـون بـە دوو ڕۆژی لـەوە چاکتر وباشتر: «ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان وڕۆژی جەژنی قوربان».

## بەڵگەکە لە کوێدایە؟

١. رسولی خوا ﷺ دەفەرموێ: «خـوا بـۆی گۆڕیـون بـە لـەوە چاکتر»، مەعقوڵە لە یەك کاتدا گۆڕاوەکە ولە جێدانراوەکەش هەبن؟ مەعقوڵە لە یاریەکدا یاریزانێك تەبـدیل بکـەیت ویـەکێکی تـر لـە جێگایدا دابنرێت، لەهەمان کاتدا هەردوکیشیان یاری بکەن؟! شتی وا نابێ، هەربۆیە رسول اللە ﷺ، قوربان وڕەمـەزانی کـرد بـە بـەدیلی میهرەجان ونەورۆز، کەواتە ئیعتبار بۆ نەرۆز ومیهرەجان نامێنیت.

٢. ئەوەتانێ جەژنی نەورۆز وجەژنی میهرەجان ناوی نەماوە، لە سەردەمی صـەحابە وتـابعی وئـەتباعی تـابعی ئـەم شـتە نـەبووە،

---

میهرەجانی لێدەنێن، هەربۆیە ناوێکی تری لێبنرێ غەیرە ناوی میهرەجان باشترە.

یەکجاری بڕایەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە رسول الله ﷺ زۆر توند بووە لەم نەهی کردنەیدا.

بەڵام دەبینی نەهی کردووە لە نیاحە، نیاحە: واتە گریان و شیوەن وڕۆڕۆ ولەخۆدان لەسەر مردوو، دەفەرموێ: لەناو ئومەتیشم هەر دەمێنێتەوە، بەڵام نەورۆز ومیهرەجان بە یەکجاری نەمان لەسەردەمی پەیامبەر وسەردەمە زێڕینەکانی دوای ئەو.

٣. هەروەها دەبینی ئیقراریان ناکات لەسەر ئەو دوو ڕۆژە وناهێڵێ وەکو هەمیشە یاری تێدا بکەن.

٤. ئەمە دوو جەژنی سەردەمی نەفامیە کەچی پەیامبەری خوا ﷺ بەو ڕادەیە توندە؟ ئەی چ جای جەژنی ئەهلی کیتاب کە جەژنەکانیان خراپەی زۆریان تێدایە، زۆر زیاتر لەوەی سەردەمی نەفامی، ومەترسی چاولێکەری بۆ ئەوان زیاترە وەك لە چاولێکەری سەردەمی نەفامی.

## بەڵگەی سێیەم

لە صەحیحیندا هاتووە، لە عائیشەوە، دەفەرموێ:

دَخَلَ أَبُو بَكْرٍ وَعِنْدِي جَارِيَتَانِ مِنْ جَوَارِي الأَنْصَارِ تُغَنِّيَانِ بِمَا تَقَاوَلَتِ الأَنْصَارُ يَوْمَ بُعَاثَ، قَالَتْ: وَلَيْسَتَا بِمُغَنِّيَتَيْنِ، [... رَسُولِ اللَّهِ ﷺ

## وریاکردنەوەی موسڵمانان لە جەژنی جولەکە و گاورەکان

مُ تَغَبشَّوی ِدِ هفَانْتَهَ رَ هُ نَ أَ یبوکْرٍ ]فَقالَ أمَزَ امیرُ الشَّ یطَانِ فِي بَیْتِ رَسُولِ

اللهِ صلی الله علیه وسلم ذلكَ فِي یَوْمِ عِید فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: عَنْ

وَجْهِهِ ] وقَال: یَا أَبَا بَکْرٍ إِنَّ لِکُلِّ قَوْمٍ عِیداً وإِنَّ عِیدَنَا هَذا الیومُ[ فِهِنَّ أَیَّامُ

عِیدٍ وَتِلْكَ أَیَّامُ مِنَی]».

عائیشە دەفەرموێ: «لە ڕۆژی جەژنـدا ئـەبوبکر هاتـە ژورەوە، ومنیش دوو کیژۆڵەی منداڵ لـە کیژۆڵـەکانی ئەنصـارم لـەلادا بـوو گۆرانیان دەگوت وباسی ئەوەیان دەکرد کە لـەڕۆژی شـەڕی بوعاسـدا ڕویدابوو، ئەڵێ: جا گۆرانیبێژیش نەبوون، پەیامبەری خواش ﷺ بـە کراسەکەی خۆی بان چاوی خۆی دابوو، ئەبوبەکر توڕەبـو وچـوە گـژی هەردو کەنیزەکەکە و وتی: مۆسیقای شەیتان لە ماڵەکەی پەیامبەردا لێدەدرێ؟ پەیامبەری خوا ﷺ بان چاوی خۆی لادا وفەرموی: وازیان لێبێنە ئەی ئەبوبکر، هەموو میللەتێك جەژنێکی تایبەت بە خۆیـان هەیە، ئەمەش جەژنی ئێمەیە، ئەم ڕۆژانە ڕۆژی جەژنە».

### بەڵگەکە لەکوێی ئەم حەدیسەیە؟

١. دەفەرموێ: «إِنَّ لِکُلِّ قَوْمٍ عِیداً وَهذا عیدنا» هەموو میللەتێك جەژنی تایبەت بە خۆی هەیە، هەموو ئاینێك جەژنی تایبەت بە خۆی

هەیە، وەك خـوای مــەزن دەفــەرمووێ: ﴿وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا﴾ هەروەها دەفەرمووێ: ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا﴾ ئەمــەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەر ئاینێك جەژنیان هەبوو نابێت لاسایيان بکرێتەوە، چونکە تایبەتە بە خۆیان، وەکو لە قیبلـەیان چـاویان لــێ ناکەین وبەشداریان لەگەڵ ناکەین، وەکو چۆن لە شەریعەتیان چـاویان لێ ناکەین، ئاوهاش لە جەژنیاندا چاویان لێ ناکەین.

٢. پاشان دەفەرمویێ: «ئەمەش جەژنی ئێمەیە» یانی ئەمــەش تایبەتە بە ئێمەوە، یانی تەنها ئەم ڕۆژانە جەژنی ئێمەن وتایبەتن بــە ئێمەوە. ئاهەنگ ناگێڕین بە غەیرە ئەم دو جەژنەوە.

٣. ئیزنی کەنیزەکەکان دەدات بۆخۆیــان گــۆرانی بڵــێن وخۆشــی بکەن ولە دەف بدەن، هۆکاری ئــەم ڕێپێدانــەش ئەوەیــە کــە هــەموو گەلێك جــەژنێکیان هەیــە وئەمــەش جــەژنی موســڵمانانە، کەواتــە ڕوخصەتی ئاهەنگێڕانەکە لەبەر جەژنی موسڵمانانە، کەواتە لە غـەیرە جەژنی موسڵمانان نابێت ئاهەنگ بگێڕدرێت وبۆمــان نیــە ئاهــەنگ بگێڕین بە غـەیرە ئەم جەژنەوە. ئەمەش ڕونە. إن شاء الله

## بەڵگەی چوارەم

میسکی خیتام وکۆتا بەڵگە، ئیجماعی هەموو سەلەفە ڕەحمەتی خوایـان لێبێـت لەسـەر حـەرامێتی بەشـداریکردن، پیرۆزبـاییکردن، ئاهەنگێڕان و.. هتد

هەروەها ئەمــەش ڕای هــەر چـوار ئیمامــە بەرزەکــە وزانایـانی شوێنکەوتویانن:

یەکێك لە زانایانی مالکی دەفەرموێ کە ناوی ئیبن قاسمە: «مـن ذبح بطيخة في أعيادهم، فكأنما ذبح خنزيرا»، واتــە: «هەرکەسـێك لــە جەژنەکەیاندا کاڵەکێکیان بۆ بشـکێنێ وەکـو ئـەوە وایــە بــەرازێکی سەربڕی بێت بۆیان».

هەندێك لە حەنەفی مەزهەبەکان، کە ئــەبو حوفصــی حەنەفیــە ئەڵێت: «من أهدى بيضة إلى مشرك في يوم عيدهم فقـد كفـر بـالله»، واتــە: «هەرکەسێك هێلکەیەکیان بداتیێ وەکو بە گەورە ڕاگرتنێــك بــۆ ئــەو ڕۆژە کافر بووە».

هەروەها ئیبن تورکمانی ئەڵێ: «هەرکەس ئەوانەی پێشو بکـات، کە مەبەستی دیاری بەخشینەوە بەسەر منداڵ ودەرکردنیان بۆ دەشت وهتد.. لە جەژنی ئەواندا- وبمرێت وتەوبە نەکات ئەوە کافر بوە».

هەندێك لە مالکیەکان دەڵـێن: «تەنانـەت نابێـت سـواری ئـەو کەشتیەش ببێت کە گاورەکان دەگوازێتەوە بۆ جەژنەکانیان».

تەنانەت ئەم شتە ئەوەندە ڕونە تەماشا بکەن شـیخ الإسـلام لـە مقدمەی «اقتضاء الصراط المستقيم»ەکەیدا چی دەفەرموێت: «( )».

جا بزانن خۆشی کردن لە جەژنیاندا زۆر خەتەرە.

ئیبن قەیم ڕەحمەتی خوای لێبێت لە کتـێبی أحكـام أهـل الذمـة دا ئەڵێ: «پیرۆزبای کردن بە موناسەبەی جـەژنی سـەری سـاڵ وجـەژنی کافرانەوە، ئەگەر کوفر نەبێ یەکێکە لە حەرامـە گـەورەکان، بـەڵکو لەوەش گەورەترە پیرۆزبایی لە کەسێك بکەیت کە زینای کردبێـت بـە ئاشکرا، کە پیاوێك بکوژێت بە ئاشکرا».

ئەمانەن جولەکە وگاورەکان، کە لەشەو وڕۆژێکدا حەڤدە جار تۆ دەڵێیت اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ «خوایە هیدایەتم بدەیت بـۆ سـەر ڕێگا ڕاستەکەت»، کە ئەمەش ئیسلامە.

غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ «ڕێگای ئەوانە نـا کـە لێیـان تورەیـت»، ئەمەشیان یەهودە.

﴿وَلَا الضَّالِّينَ﴾ ((ڕێگای ئەوانەش نا کە گومڕان))، ئەمەشیان نەصارایە.

جا لە شەو وڕۆژێکدا حەڤدە جار دەیڵێیتەوە، خوایە لە ڕێبازیان دوورم بخەرەوە، پاشان دەچیت ئاهەنگ دەگێڕی لە ئاهەنگیان، جەژن دەکەیت لە جەژنیان، خۆشی دەکەیت لە خۆشیان، شتی وادەبێ خۆشەویستەکان؟!

ئەڵێی: خوایە هیدایەتم بدەیت بۆسەر ڕێگای ڕاست، کامە ڕێگای ڕاستە؟ کامە ڕێگای ئیسلامە؟ ڕێگای ئەوانەی کە نیعمەتت ڕشتون بەسەریاندا، ئەوانە کێن؟ پەیامبەران وپیاوچاکان وڕاستگۆکان وشەهیدەکان. یانی: خوایە هیدایەتم بدەیت بۆسەر ڕێگای ئەوانە، پاشان بەوەندەش ناوەستیت، بەڵکو ئەشڵێی: لە ڕێگەی یەهود ونەصاراش دوورم بخەرەوە، پاشان تۆش دەڕۆی ئاهەنگ بە ئاهەنگیان دەگێڕی وخۆت دەکەیت بە بابانوئێل.

## بابانوئێل

بابانوئێل، وەکو ئەوە وایە کابرایەکی گاور بهێنی عەمامەیەك وجوبەیەکی جوان بکەیتە بەری وبۆ ئەوەی بیکاتە ڕەمزی خێر وخۆشی وڕەحمەت، پێی بڵێی ئەوە کارتۆنێك یان فەردەیەك یاری منداڵانە،

پاکەتێك شیرینیە، بەسەر خەڵکدا ببەخشەوە، بۆئەوەی دەرکەویٚ جبە لەبەر وعەمامە بەسەر پیاوی چاکن!

توخخوا ئێمە واناکەین؟ ئەم ڕیشە وئەم کەل وپەلە سورە چی یە؟! ئەم بابانوئێلە چی یە؟!

بەڕێزەکان..

کاتێك ڕۆمانی یەکان، ئـاینی فـەرمی ئیمپراتۆریـەتی ڕۆمایـان گۆڕی لە وەسەنیەتەوە بۆ دینی نەصرانیەت، قەشە نیکۆلاسێك هەبوو ئەرکی دابەشکردنی هەدیە ودیاری لەم بۆنەیە گرتبـوە ئەسـتۆ، دوای ئەم قەشەیە، قەشە نوئێل -بابا نوئێل- هاتە جێگەکەی، ئەم ئـەرکی دابەشکردنی دیاری بوو.

ئێمەیش دەچین لاسای پاپایەکی ناو کەنیسەکان دەکەینـەوە، کـە لە ڕۆژنامەکانـدا دەبیـنین کۆمـەڵێکیان زۆر پـیس وبەدڕەوشـتن، بـە ڕوکـەش ئـەڵێن ژن نـاهێنین، دووریـن لـە دونیـاوە، لـە هەواڵـە فەرمیەکانیشدا دەبینین کاری ناشرین دەکەن لەگەڵ منداڵی بچـوکدا، لـە تەلەفزیۆنـەکانی هـەموو دونیـا باسـکرا و ودا دەزانم زۆرێکتـان بینیتـان، دەڕۆیـن تەقلیـدی کەسـێکی ئـاوا دەکـەین؟! توخخـوا خۆشەویستان جێی شەرم وعەیبە نیە؟

# کۆتایی

هەق وایە بیرێك لەخۆمان بکەینەوە، ئیسلام بە غەریبی هاتوو بە غەریبیش دێتەوە، جا قسەکانم غـەریب نـەبێت لاتـان، ئـەم قسـانە هەمووی کۆنە، بەلاَم خۆڵ گرتویەتی کەس نیە فوی لێبکا وتۆزەکەی بەبادا، وسەرقاپەکەی لادا، ئەگینا ئـەوە دینـی خوایـە، شـەریعەتی خوایە، لەو قورئانەوە دەرم هێناوە کە لە نێو ڕەفەی ماڵەکانـدا خـۆڵ گرتویەتی.

خوایەگیان ڕاستگۆمان بکەیت لەگەڵ خۆت.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ